# سپیکەرێک لە سیستەمی Wi-Fi سوود وەردەگرێت




سیستەمی Wi-Fi واتە پێوەندی دانان لە نێوان چەند ئامێرێکدا بەبێ وایەر، ئەوەی کە لەلای ئێمە بە وایەرلەیس ناسراوە. کۆمپانیایەك سپیکەرێکی بەرهەمهێناوە کە بۆ پێوەندی لەنێوان ئامێرەکان لە سیستەمی وای فای سوود وەردەگرێت. سپیکەرەکە تایبەتە بە بەرهەمەکانی ئەپڵ وەك مۆبایلی ئایفۆن، ئایپاد، ئایپۆد. تاد. لەم سپیکەرەدا شوێنێکی تایبەت هەیە بۆ دانانی ئامێرەکانی ئەپڵ. بەهۆی ئەوەی کە وایەرلەیسە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ کە مۆسیقی لە ئەرشیفی iTunesی خۆیشی وەربگرێ. بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بەکاری بێنی، سپیکەرەکە جگە لەو تایبەتمەندییانە رادیۆی FMیشی تێدایە. جگە لەوەش شاشەیەکی تایبەتی لەسەرە بۆ نیشاندان و هەروەها رۆژمێرێکی دیجیتالیشی هەیە.

# YouTubeیش بوو بە خاوەنی کامێرای خۆی

سایتی یوتیوب گەورەترین سایتی داکردن و وەرگرتنی کورتە فیلمە. دەتوانی کورتە فیلمەکانتان لەو سایتەدا خەزن بکەن بۆ ئەوەی کە خەڵکانی دیکە بەرهەمەکانتان ببینن، ئەوەی شارەزای بواری ئینتەرنێت بێت، دەزانێت کە هەموو فیلمێك دانابەزێتە سەر سایت، دەبێت فیلمەکان بە فۆرماتی خۆیان بن، بەڵام کۆمپانیایەك هاتووە کامێرایەکی بەناوی GZ-MS100 بەرهەمهێناوە کە بەهۆیەوە هەم فیلم هەڵدەگریەوە و هەمیش دەیخەیە سەر سایتی یوتیوب. تایبەتمەندی کامێراکە لەوەدایە کە فیلمەکان لە گرتەی 10 خولەکیدا خەزن دەکات. بۆ بەڕێکردنی کورتە فیلمەکانیش بۆ سەر سایتی یوتیوب هەر ئەوەندە بەسە کە تەنیا یەك دوگمە دابگری و تاکو وێنەکان راستەوخۆ بچنە سەر سایتەکە.



# دوو بەرهەمی نوێ
# لە جیهانی tablet دا



چەند ژمارەیەك پێش ئێستا ئاماژەمان بەوەدا كە ئامێری دیجیتالی تەبلێت زۆری پێ ناچێ كە شوێن بە كۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ لەق دەكات، چونكە "تەبلێت" كێشی كەمە و بچووكترە و تواناكانی كۆمپیوتەریشی هەیە. لەم رۆژانەدا كۆمپانای ســۆنی دوو "تەبلێت"ی خۆی ناساند كە بە S1 و S2 ناسراون.

هەردوو جۆرەكە لە سیســتەمی ئەندرۆید ســوود وەردەگرن، بــەڵام دیزاینەكەیان جیاوازە. S1 دوو كامێرای هەیە بەشــی ســەرەوەی زاویەكەی هەیە كە دیزاینەكەی وەك گۆڤارێك دەچێت كە لــول درابێت، بەڵام S2 لەبری دوو كامێرا دوو شاشــەی هەیــە. دیزاینەكەی وەك كتێب دەچێت. پرۆگرامێكی تایبەت بە كتێب خوێندنەوەی تێدایە، هەر راست وەك كتێبی راستەقینە دەچێت، هەر لاپەڕەیەك لە شاشــەیەك دەبیندرێت. بەڵام لەو كاتەی كە سەیری سایتێك دەكەی، هەردوو شاشەكە دەبنەوە یەك شاشە، بەڵام ئەگەر بتەوێ ئیمێلێك بنووسی، شاشەی خوارەوە راست دەبێتە كیبۆردێك و دەتوانی بە داگرتنی هێماكان ئیمێلەكەت بنووسی.

# سامسۆنگ كامێرایەكی دژە ئاو و زەربە بەرهەم دێنێ

كاتێــك باس لە ئامێرێكی نوێــی دیجیتالی دەكەین، هیچ كات بەمانای رێكلام كردن بۆ ئەو كۆمپانیایە نییە كە ئامێرەكەی بەرهەم هێناوە، بگرە تەنیا بۆ ناساندنی ئامێرەیەكە و ئاشنابوونی خوێنەرانە بەو ئامێرە، كۆمپانیای سامســۆنگ لــەم دواییانەدا كامێرایەكی دیجیتالی وێنەگری بەرهەم هێناوە كە دەكرێ بڵێین بەهۆی چەندین تایبەتمەندییەوە لە ریزی پێشــەوەی كامێرا هاوشێوەكانی خۆیدایە. كامێــرای 200Multi-Proof Wە. تایبەتمەنــدی گرنگی كامێراكە لەوەدایە كە لە كەوتنە خوارەوە لە شــوێنی بەرز و كەوتنە ناو ئاودا زۆر خۆڕاگرە. تایبەتمەندییەك لە كامێراكەدا هەیە بەناوی Aqua mode كــە بە ئەكتیڤ كردنی ئــەو دەتوانی لە ژێر دەریاشدا بە كوالیتی بەرزەوە وێنە بگری.






# ڤیدیۆ پرۆژكتەرێک لە لاپتۆپدا

كۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ هەر زوو بە ئامێرە پێویستییەكانی وەك كامێرا، بلوتوس، كارت ریدەر، ...تاد، دەوڵەمەند كران. تەنیا ئامێرێــك كە پێویســتە لەگەڵ لاپتۆپ هەبێت بۆ نیشــاندانی ســلایدەكان لەســەر شاشــەیەكی گەورەتر، ڤیدیۆ پرۆژكتەرە. كۆمپانیای فۆجیستۆ لە لاپتۆپە نوێیەكەی خۆیدا كە بە -Lif book S761 ناسراوە، ڤیدیۆ پرۆژكتەرەێكی تایبەت بەخۆی لەگەڵ داناوە. تاكو مامۆســتایانی زانكۆ بتوانن سلایدەكانیان بەبێ ئامێری دیكە بۆ قوتابیان شی بكەنەوە.

## ڕکابەری گوگل و یاهوو بە کوێ دەگات

ڕکابەری لەنێوان کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری سوودەکەی تەنیا بۆ بەکارهێنەرەکانی دەگەڕێتەوە، هەڵبەتە لەگەڵ کۆمپانیا سەرکەوتووەکەش بەرژەوەندی خۆی تێدایە. ئەوانەی بۆ یەك ڕۆژیش لەگەڵ ئینتەرنێت ئاشنا بن، دەزانن گوگل و یاهوو چین، دوو کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە جیهانی ئینتەرنێت بەبێ ئەوان زۆر چێژی نییە. ڕکابەری نێوان ئەو دوو کۆمپانیایە بۆتە هۆی خزمەتگوزاری زۆر لە ئینتەرنێتدا. ماوەیەك لەمەوبەر کۆمپانیای گوگل خزمەتگوزارییەکی نوێی لە گوگڵدا بەناوی Instant search " واتە گەڕان بەبێ ماتەڵ بوون" ئەکتیڤ کرد، بەکارهێنەر هەرکە وشەیەکی نووسی دەستبەجێ ئاکامی بەدواداگەڕانەکەی دەداتێ، جار هەیە بەکارهێنەر وشەکەش نانووسێ ئاکامەکەی وەرگرتۆتەوە. کۆمپانیای یاهووش خزمەتگوزارییەکی لەم شێوەی بەم دواییانە داهێناوە کە بە search direct ناسراوە. ئەم خزمەتگوزارییە هەروەك خزمەتگوزاری گوگل وایە، بەڵام بەو جیاوازییە کە وشەی هاوشێوەی ئەو مەبەستەی کە بە دوای دادەگەڕێی دەتداتێ..




## پرۆگرامێک بۆ تۆمارکردنی چاتە دەنگییەکان

Messenger detect ناوی ئەو پرۆگرامەیە کە گفتوگۆ ئینتەرنێتییەکان تۆمار دەکات، پرۆگرامەکە دەتوانێ لە هەموو سایتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو یاهو و فەیس بووك.. تاد، دەنگ و دەق تۆمار بکات. لەکاتی سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامەدا پێویست بەوە ناکات کە پرۆگرامەکە بکرێتەوە و بە پرۆگرامی مەبەستی بناسێنی، بگرە پرۆگرامەکە خۆی ئۆتۆماتیکی بەنهێنی دەنگ و دەقەکان تۆمار دەکات. تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- پشتیوانی کردن لە گشت ئەو سایت و پرۆگرامانەی کە گفتوگۆی ئینتەرنێتیان پێدەکرێت.
- به ئاسانی و بێ گرفت سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکە.
- دانانی ڕێکەوت و مێژووی گفتوگۆکە.







## ئاشنا بوون لەگەڵ پرۆگرامی

ئەوانەی شارەزای بواری گرافیکی کۆمپیوتەرن و ئەرکی دیزاین ئەنجام دەدەن، لەگەڵ پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و پرۆگرامەکانی کۆمپانیای ئەدۆب ئاشنان. ئایا حەز دەکەن هەر بەو جۆرەی کە دەستکاری وێنەیەك بەهۆی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەکەن ئاواش دەستکاری فیلمێك بکەن. یەکێك لە پرۆگرامەکانی ئەو بوارە کە ئەویش سەر بە زنجیرەی ئەدۆبە. پرۆگرامی adobe After E-fects.

## نوێترین

### فلاش میمۆری یان کامێرا



فلاش میمۆری وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ داکردنی فایل و داتاکان شوێنی ئامێرەکانی دیکەی گرتۆتەوە، ئێستا تەنانەت ئەوەی کە هیچ سەروکارێکی ئەوتۆیشیان لەگەڵ کۆمپیوتەردا نییە، فلاش میمۆری تایبەت بەخۆیان هەیە. گەر هیچ نەبێت بۆ هەڵگرتنی گۆرانی و وێنەکان سوودی لێوەردەگرن.

کۆمپانیایەك فلاش میمۆریەکی نوێی بەرهەم هێناوە کە کامێرایەکی فۆتۆگرافیشی تێدایە، کامێراکە 3 میگاپیکسلە وێنەکان لەخۆیدا خەزن دەکات، کامێراکە بۆ ئەو کاتانە زۆر گرنگە کە دیمەنێکی گرنگ هەیە و دواتر دووپات نابێتەوە، بەتایبەتی بۆ کامێراوانی ڕۆژنامەنووسی.




## Adobe After Effects

بــە داهێنانی ئــەو پرۆگرامە گۆڕانکارییەکی قــوڵ لە جیهانی سـینەمادا پێکهات، ئیدی پێویســتی نەدەکرد بۆ پێکهێنانی دیمەنی ئاگر، تاو، باران..تاد لە شــتی دیکە ســوود وەربگرن، ئەو پرۆگرامە توانای دروســتکردنی هەموو ئەو شتانەی تێدایە. ئەمڕۆکە زۆربەی ئەو فیلمانەی کە دیمەنەکانی تەقینەوە، شــەڕ، ئاگری تێدایە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بەرهەم دێن. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئەوەندەش دژوار نییە کە ئەوانەی پێویستیان بە پرۆگرامێکی ئاوایە بۆیان ئاڵۆز بێت.

## کیبۆردێک بۆ هەمیشە

کیبۆرد واتە "تەختەی دوگمەکان" ئــەو ئامرازەیە کە پێوەندی لە نێــوان بەکارهێنەری کۆمپیوتەر و کۆمپیوتەر دروســت دەکات، کیبۆردەکان گشتیان شێوازی ئەرکەکانیان وەك یەکە، ئەویش داگرتنی دوگمەکان بۆ داکردنی داتاکان و جێبەجێکردنی فەرمانەکان، بەڵام کارکــردن و توانای کۆمپیوتەرەکان لێك جیاوازە. بەهۆی ئەوەی کە کیبۆردی کۆمپیوتەر هەمیشــە لەلایەن بەکارهێنەرەکەیەوە زەربەی پێدەکــەوێ، ئەگــەری تێکچوونی لەگشــت پارچەکانی دیکەی کۆمپیوتەر زیاترە. بۆ چارەسەری تێکچوونی کیبۆردی کۆمپیوتەر، کۆمپانیــای moinix کیبوردێکــی نوێی بەرهــەم هێناوە کە کۆمپانیاکە رایدەگەیەنێ تاکو 50 ملیۆن ساڵ دەتوانی بەم کیبۆردە کار بکەی. رووکەشی کیبۆردەکە ستیلە. دوگمەکانی دژی زەربەن. هێماکانیــش بەهۆی لەیــزەرەوە لە دوگمەکان نەخشــێنراون. دیارە کیبۆردەکە دوگمەکانــی جگە لە ئەرکی خۆیان چەندین فەرمانی دیکەش جێبەجێ دەکەن..



# ـــن تەکنۆلۆژیای سەردەم

## کامێراکانتان فڕێ مەدەن!



بەرلەوەی کامێرای دیجیتالی دابێت، کامێرای ئەنالۆگ واتە ئەو کامێرایانەی کە فیلمیان دەخرایە ســەر باو بوون، زۆر کامێرای باش و کوالیتی بەرزیش بۆ کامێرای فیلم بەرهەمهاتن، هەرچەندە ئێســتا کەس بەکاریان ناهێنێت، کۆمپانیایەك بۆ ئەوەی کە ئەو کامێرایانەی فیلمیان دەخرایە ســەر بێ کەڵك نەبوون، فیلمێکی دیجیتالی دروست کردووە، دیزاینەکەی وەك فیلم دەچێت، هەرکە خستە سەر کامێراکەت هەر وێنەیەك بیگری لەخۆیدا خەزنی دەکات و دواتر دەتوانی بیخەیە سەر کۆمپیوتەر.

## ئاڵۆز بەڵام سادە!



هەر رۆژەو مۆبایلێك بــە دیزاینێکی نوێوە بەرهەم دێت، زۆر جاران دیزاینەکان تەنیا بیرکردنەوەی بەرهەمهێنەرەکەیە و هێشــتا نەیخســتۆتە بواری جێبەجێکردنــەوە، وەك ئەو مۆبایلــەی کە دەیبینن، کە بــە مۆبایلی Triple flip ناسراوە، کە سەیری دەکەی وا هەست دەکەی کە مۆبایلەکە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام کە سەرنجی زیاتری بدەی دەبینی لەگەڵ ئاڵۆزیشدا زۆر ئاسانە.